# لە نێو دادگای دادپەروەریدا

غ. داودی
لە فارسییەوە: ڕێکان ساڵەیی



**سەرۆکی دادگا:** (ڕوو دەکاتە یاریدەدەری دادوەر...) وا بە باش دەزانم دانیشتنەکەمان دەست پێ بکەین.

**یاریدەدەری دادوەر:** چاوەڕوان بن نووسەری دادگا بیری چوو بوو پەڕاوەکان لەگەڵ خۆی بهێنێت، ئێستا دەگەڕێتەوە.

**سەرۆکی دادگا:** بۆنی دووکەڵ خەریکە دەمانخنکێنێت، لە بەدبەختی ئێمەدا ڕۆژانی پێنج شەممە کە دانیشتنمان هەبێت، ئەم دووکەڵە هەڵدەکات، هەر بەڕاست ئەوان خەریکی چین؟

**یاریدەدەری دادوەر:** ڕۆژانی پێنج شەممە ئاگری دۆزەخ نوێ دەکەنەوە، ئەم بۆن و دووکەڵە لەوێوە دێت.

**سەرۆکی دادگا:** ئێمە لە ناوچەیەکی سنووریدا دەژین، دراوسێی دۆزەخین بەبێ هیچ پاداشتێک...بەڕاستی کە... چەند گەرمیشە!

(نووسەری دادگا پەڕاوەکانی بەدەستەوەیە و لە شوێنی خۆی دادەنیشێت)

**سەرۆکی دادگا:** ئامادەبووانی بەڕێز! دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، جەنابی داواکاری گشتی بفەرموون.

**داواکاری گشتی:** سەرۆک دادگا و ئەندامانی بەڕێز و ئامادەبووانی خۆشەویست! ئەمڕۆ ئێمە لە کەیسێک دەکۆڵینەوە کە بەداخەوە کەیسی لەو جۆرەمان زۆرە، دەتوانین بڵێین لە سەدا حەفتا و پێنجی کەیسەکان لەم چەشنەن، ڕاستییەکەی لەو ڕۆژەوەی شەیتان...

(ئامادەبووان بە یەک دەنگ: بمرێت، بمرێت شەیتان).

بەڵێ لەو ڕۆژەوەی ئەوتاوانبارە (حەوا)ی ئازیزی فریو دا و میوەی قەدەغە کراو لە دارکرایەوە، ئێمە ڕووبەڕووی ئەم کارەساتە بووینەوە، هەموو کات پیاوانێک پەیدا دەبن کچانی بێ تاوان فریو دەدەن، بەڵام بە پێچەوانەشەوە دەبێت، بۆیە پێشنیار دەکەم لە ئێستا بەدواوە ئێمە ئەو کەسانە بە کۆمەڵ دادگایی بکەین.

**سەرۆکی دادگا:** بەڵام جێبەجێ کردنی ئەم کارە یەکسانی و دادپەروەری دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**داواکاری گشتی:** ڕاستە، بەڵام چارمان چییە؟ کات

زێڕە و نابێ بە فیڕۆ بدرێت.
تاوانباری یەکەم جەنابی (مجتمەع زادە) و تاوانباری دووەم (دلارا)، هەردووکیان تاوانبارن بە تۆمەتی پێوەندی ناشەرعی، جەنابی (مجتمەع زادە) خێزانداره و منداڵێکشی هەیە،سەفەری ژنەکەی بە هەل دەزانێ و خاتوو (دلارا)ی ١٥ ساڵان کە لە ماڵەکەیدا خزمەتکار بووە فریو دەدات، لەبەر ئەوەی ئەم کچەش ئامادەیە پێوەندییەکەی بەردەوام بێت (مجتمەع زادە) ژنەکەی تەڵاق دەدات، بەم جۆرە هەردووکیان بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە پێوەندی ناشەرعی بەردەوام دەبن، تاوەکو خۆشبەختانە ڕۆژێک جەنابی (مجتمەع زادە) دەکەوێتە چاڵێک و دەمرێت و دوای مانگێکیش خاتوو (دلارا) لە حەژمەتان ئۆقرەی نامێنێت، ئێستاش ئەو بەدکارانە لەبەردەم ئەم دادگایە وەستاون و چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی یاسان، من وەک داواکاری گشتی لەگەڵ ئەوەی تاوانبارەکان لە کاتی لێکۆڵینەوە هیچ پەشیمانییەکیان دەرنەبڕی، داوای قورسترین سزایان بۆ دەکەم.
**سەرۆکی دادگا:** جەنابی (مجتمەع زادە) وەرە پێشەوە!
(مجتمەع زادە بە شەلە شەل هاتە شوێنی تاوانبار)
**سەرۆکی دادگا:** بۆچی دەشەلیت؟
**(مجتمەع زادە):** گەورەم جەنابی داواکاری گشتی فەرموویان کە کەوتوومەتە نێو چاڵێکەوە، هێشتان چاک نەبوومەتەوە.
**پارێزەر:** جەنابی دادوەر بەهۆی ئەوەی بریکاردارم نەخۆشە و توانایی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی نییە، داوای دواخستنی دانیشتنی دادگا دەکەم.
**سەرۆکی دادگا:** داواکاری پارێزەر ڕەت دەکەمەوە، تۆمەتبار بە دەمی قسە دەکات نەک بەپێی،جەنابی (مجتمەع زادە) دان بە تاوانەکەتدا دەنێیت؟
**(مجتمەع زادە):** من دان بەو کارەدا دەنێم کە کردوومە، بەڵام تاوانبار نیم.
**سەرۆکی دادگا:** ئەم کارەت گشت کۆتوبەندەکانی بەزاندووە، ئەگەر کردبێتت تاوانباری.
**(مجتمەع زادە):** من تاوانبار نیم، من و دلارا یەکمان خۆش دەویست و هیچ بەپێویستم نەزانی بۆ سوود وەرگرتن لەم پێوەندییە بڕە پارەیەکی زۆر خەرج بکەم بۆ بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری، کۆترە جوانەکانم سەردانی هیچ شوێنێکیان نەکرد و گرێبەستی هاوسەرگیریشیان نەبەست و بێچووی جوان جوانیشیان بوو.
**سەرۆکی دادگا:** کەوایە جیاوازی نێوان تۆ و کۆتر چییە؟
**(مجتمەع زادە):** جیاوازییەکە ئەوەیە من وەک ئەوان جوان و نازدار نیم.
**سەرۆکی دادگا:** ئەم قسە پووچانە چییە دەیانکەی؟ سوود وەرگرتن لە عەشق تایبەتمەدی خۆی هەیە و تۆ هیچ شتێکت بەلاوە گرینگ نەبووە.
**(مجتمەع زادە):** من هیچ مەرجێک نابینم بۆ سوود وەرگرتن لە دەست و پێ و دەم...
**سەرۆکی دادگا:** باشە تۆ دانیشە، خاتوو (دلارا) وەرە پێشەوە! ئایا! دان بە تاوانەکەتدا دەنێیت؟
**دلارا:** من هیچ تاوانێکم نەکردووە.
**سەرۆکی دادگا:** نکوڵی کردن بێ سوودە، لەو فایلەی سەر مێزەکە هەموو شتێک نووسراوە، پێم بڵێ چۆن (مجتمەع زادە) فریوی دای، درکاندنی ڕاستییەکان سزاکەت کەم دەکاتەوە.
**دلارا:**من لە گوندەوە هاتبووم، چاو و گوێم نەکرابووەوە...
**سەرۆکی دادگا:** مجتمەع زادەش بۆتی کردەوە.
**دلارا:** بەڵێ کردییەوە.
**سەرۆکی دادگا:** چۆن؟
**دلارا:** پێی گوتم ئێستاکە کە هاتووی بۆ شار، دەبێ فێری ژیانی ئێرە بیت.
**سەرۆکی دادگا:** باشە دواتر چی ڕووی دا؟
**دلارا:** منیش هەستم کرد دابونەریتی شار بەسوودە، بۆیە پەسەندم کرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەش، (مجتمەع زادە) خۆشی دەویستم.
**سەرۆکی دادگا:** بیرت لەوە نەکردەوە پێوەندییەکەتان ناشەرعییە؟
**دلارا:** ڕاستییەکەی جارێکیان بیرم لەوە کردەوە، بەڵام مجتمەع زادە گوتی ئێمە وەک کۆترین، کۆتر پێویستی بە گرێبەست نییە.
**سەرۆکی دادگا:** (بەدەم و چاوێکی گرژەوە ڕوو دەکاتە مجتمەع زادە) تۆ بەو جەستە زەبەللاحەتەوە چۆن هاوشێوەی کۆتری؟ کەری بێ مێشک!

**مجتەمەع زادە:** ئەگەر هاوشێوەی کۆتر نەبم، بەپێی فەرمایشتی جەنابتان هاوشێوەی کەر بم، ئێ خۆ کەریش گرێبەست نابەستن.

(سەرۆکی دادگا زەنگی ئاگەدارکردنەوە لێ دەدات)

**سەرۆکی دادگا:** ئێستا تۆ هیچ سکالایەکت لەو پیاوە نییە.

**دلارا:** نەخێر گەورەم، من سوپاسگوزاری ئەوم.

**سەرۆکی دادگا:** تووشمان بووە بە تووشی چ خەڵکێکی بەدڕەوشتەوە.

**داواکاری گشتی:** گەورەم من سەرەتا بە جەنابتانم ڕاگەیاند، بۆیە داوای توندترین سزام کرد بۆیان.

**سەرۆکی دادگا:** جەنابی (مجتەمەع زادە) وەرە پێشەوە! کۆتا بەرگریت چییە، چەند خولەکێک مۆڵەتت هەیە بەرگری لە خۆت بکەیت.

**مجتەمەع زادە:** گەورەم، من لە کاری عەشقدا بێ ئەزموون نیم، ژیاننامەی گشت عاشقانم خوێندووەتەوە،تۆزێکش سەر لە دین و مەزهەب دەردەکەم، کۆی گشتی ئەم بابەتانە منی گەیاندە ئەوەی عەشق بابەتێکە پەیوەندی بە دوو کەسەوە هەیە و کەسێکی تر مافی ئەوەی نییە تێکەڵی بێت، تاجوتەختی پەروەردگاریش ئەگەر تۆزێک ویژدانی تێدابێت، ئەمە ڕەت ناکاتەوە، بۆ خاتری ئەو هەموو هەست و ناسکییەی تێماندا دروستی کردووە.

تەنانەت پێغەمبەران و پیاوچاکانیش چەند جار عاشق بوونە، لە کتێبە ئاسمانییەکاندا باسی لێوە کراوە، منیش خۆ لەوان کەمتر نیم، لە شوێنێکی تردا هاتووە دەڵێت فریشتەکان چوونە نێو قەومی (لووت) تا پێش لە کردەوە ناشەرعییەکانیان بگرن، بەڵام خەڵکەکە هەوڵیان دا فریشتەکانیش تێکەڵی هەوا و هەوەسی خۆیان بکەن، جەنابی سەرۆک ئێوەش باش دەزانن ئەگەر مەعشووق سەرنجڕاکێش نەبێت ئەوە...

سەرەڕای هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو مۆڵەتەی پێم دراوە کە بەرگری لە خۆم بکەم، بۆ دواجار دەمەوێت لەم دادگایە ئەوە بڵێم کە فریشتەکان چوونەتە نێو خەونی (دلارا)ی ئازیزمەوە، داوای لێبووردن دەکەم ناتوانم چۆنیەتی خەونەکەتان بۆ بگێڕمەوە، بەڵام ئەم پرسیارەتان لێ دەکەم: لە کاتێکدا سوود وەرگرتن لە عەشق بەبێ گرێبەست سەرپێچییە؟ فریشتەکان چۆن، ڕێگایان بە خۆیان داوە بچنە نێو خەونی دلارای ئازیزمەوە ئەویش بە نیازێکی ناڕەوا؟

**سەرۆکی دادگا:** خاتوو دلارا، ڕاست دەکات؟

**دلارا:** بەڵێ گەورەم...

**سەرۆکی دادگا:** کەواتە بێ گومان ئەوە شەیتان بووە.

**مجتەمەع زادە:** گەورەم، ئێمە یەک شەیتانمان هەیە، کەچی ئەوانی نێو خەونەکە سێ کەس بوون...

**سەرۆکی دادگا:** خاتوو دلارا ڕاست دەکات؟

**دلارا:** بەڵێ، ڕاست دەکات، سێ کەس بوون و لەژێر باڵەکانیان نیشانەی کەوچک و چنگاڵ هەبوو.

**یاریدەدەری دادوەر:** (دەچرپێنێتە گوێی سەرۆک) بەو وەسفەی ئەوان دەیکەن، ئەوانە هەرسێکیان ئەندامەکانی لیژنەی پشکنینی چاودێری تەندروستین.

**سەرۆکی دادگا:** بابەتەکە ئەوەندە سانا نییە، دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت،بەردەوام بە.

**مجتەمەع زادە:** پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکات، بابەتەکە ڕوون و ئاشکرایە، لەبەر ئەوەی ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە.

**سەرۆکی دادگا:** مەبەستت چییە؟

**مجتەمەع زادە:** مەبەستم بەسەرهاتی ڕوحی پیرۆزە، بەر لە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ پێش زایین.

(جەماوەری نێو هۆڵەکە دەکەونە جموجووڵ و دەنگە دەنگ. سەرۆکی دادگا زەنگی هۆشداری لێ دەدات)

(داواکاری گشتی داوای دە خولەک لە سەرۆکی دادگا دەکات)

**سەرۆکی دادگا:** دە خولەک پشوو وەردەگرین.

(چاودێران، مجتەمەع زادە، بە شەق و زللە لە هۆڵەکە دەبەنە دەرەوە).

**سەرچاوە:**

**- گۆڤاری کەیهان ژمارە ٧٥ی ساڵی ١٣٤٢.**